**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٥٧٠٩ لە ٢٠٢٤/١١/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانەکایەی ناحیەکانی ( شاریا ، مسێریک ، تەناهی )**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/١) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو وئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٧٧ لە ٢٠٢٤/١٠/٣٠) و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سەرۆک وەزیران ژمارە (٥٣٩٣) لە ٢٠٢٤/١١/١١ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٢٨٢٨٧) لە ٢٠٢٤/٩/٢٩ سەبارەت بە هێنانەکایەی ناحیەکانی (**شاریا،مسێریک،تەناهی**) لەسنووری پارێزگای دهۆک وهەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٣٢٥) لە ٢٠٢٤/٩/١٠ و (٥٤٥٩) لە٩/١٧/ ٢٠٢٤ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرابە:-

**یەکەم:** هێنانەکایەی ناحیەکانی (شاریا، مسێریک ، تەناهی ) لە سنووری پارێزگای دهۆک .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١١/١١) وە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦٤٠٠ لە ٢٠٢٤/١٢/٩**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە:-

- ڕاگرتنی دەوامی فەرمی تەنها بۆ هۆبەی (ژمێریاری و ووردبینی) بەمەبەستی ئەنجامدانی (جەردی ساڵانەی ئیش و کارەکانی ژمێریاری و ووردبینی ) (فەرمانگەکانی دادنووسی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری ناکامەکان) سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد وە پێویستە هەموو فەرمانبەران لە دەوام بن .
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

١- فەرمانگەی دادنووس لە ڕێکەوتی (٢٤ - ٢٥ - ٢٦/ ٢٠٢٤/١٢)
٢- بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن لە ڕێکەوتی (٢٣ - ٢٤ - ٢٥ - ٢٦/ ٢٠٢٤/١٢)
٣- بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری ناکامەکان لە ڕێکەوتی ( ٢٥ - ٢٦/ ٢٠٢٤/١٢)

**فەرست احمد عبدالله**
**وەزیری داد**